# ئەدەب و کولتوور ڕووداو

# چیرۆکی کوشتنی سەرۆك بە کوردی



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

(ئەو ڕۆژەی سەرۆک کوژرا) کە یەکێکە لە ڕۆمانەکانی نەجیب مەحفووز، ڕۆماننووسی میسری، ئەڤین شکاکی، خانمە نووسەر و وەرگێڕی کورد بۆ زمانی کوردی وەریگێڕاوە و بڕیارە لە پێشانگەی کتێبی قاهیرە بخرێتەڕوو.

ئەڤین شکاکی بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "(ئەو ڕۆژەی سەرۆک کوژرا) باس لە کوشتنی ئەنوەر سادات، سەرۆکی پێشووی میسر دەکات و تیشک دەخاتە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خەڵک لەو سەردەمە".

شکاکی ئەو ڕۆمانەی بۆ زمانی کوردی بە شێوەزاری کرمانجی و پیتی لاتینی وەرگێڕاوە و ئەمساڵ لەلایەن دەزگای نەجیب مەحفووز لە قاهیرە چاپ و بڵاوکرایەوە. ڕۆژی 27ی مانگی داهاتوو، ڕێوڕەسمی واژووکردنی ڕۆمانەکە لە چوارچێوەی چالاکییەکانی پێشانگای نێودەوڵەتیی قاهیرە بۆ کتێب بەڕێوەدەچێت و خۆیشی ئامادە دەبێت.

مەحفووز، خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبییە و بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە 20 زمانی جیهانی وەرگێڕدراون، بۆیە شکاکی دەڵێت "بە پێویستم زانی خوێنەری کوردیش لەڕێگەی ئەو ڕۆمانەوە زیاتر ئەو نووسەرە بناسن".



ئەڤین شکاکی، لە دایکبووی دێرکی ڕۆژئاوای کوردستانە و ئێستا لە بەلجیکا دەژی، لە نەوەتەکانەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەستی بە نووسین کردووە و زیاتر وەک شاعیرێک ناسراوە.




# بەختیار عەلی خەڵاتێکی جیهانی وەردەگرێ



■ ئا: ئەدەب و کولتوور

نووسەر و ڕۆماننووسی کورد بەختیار عەلی، خەڵاتێکی جیهانی لە بواری ئەدەب وەردەگرێ.

ڕۆژی یەکشەممە 10/12/2017 نووسەری نێوداری کورد بەختیار عەلی، خەڵاتی جیهانیی نیلی زاکس-ی لە بواری ئەدەب وەرگرت، خەڵاتەکە لەلایەن پارێزگاری شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیاوە بەو نووسەرە کوردە بەخشرا، بەو جۆرە بەختیار عەلی، ناوی چووە لیستی نووسەر و ئەدیبە نێودارەکانی جیهان. خەڵاتی نیلی زاکس، خەڵاتێکی ئەدەبی جیهانییە و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا لە شاری دۆرتمۆندی ئەڵمانیا دوو ساڵ جارێک دەدرێتە ئەو کەسایەتییانەی کە لەبواری ئەدەبیاتدا جێ دەستیان دیارە. نیلی زاکس، خانمە نووسەرێکی ئەڵمانییە، ساڵی 1891 لە بەرلین لەدایکبووە و ساڵی 1966 خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبیات بەدەستهێناوە و ساڵی 1970 لە سوێد کۆچی دوایی کردووە.

# "مارتینی بەختەوەر"ـی جان دۆست دەکرێتە سۆرانی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"مارتینی بەختەوەر" کە ڕۆمانێکە لە نووسینی جان دۆست و بە زمانی عەرەبی و کوردی – شێوەزاری کرمانجی- چاپ و بڵاوکراوەتەوە، بڕیارە بە سۆرانیش چاپ و بڵاوبکرێتەوە.

سەباح ئیسماعیل، وەرگێڕی کورد بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆمانەکەم لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوە، لەگەڵ کرمانجییەکەدا بەراوردم کرد، سەرم سوڕما کە هێندە جیاوازن! ئەمەش بەهۆی سانسۆری دەزگا عەرەبییەکانەوەیە کە بەو دەردە چووە".

گوتیشی: "ناچار بووم لە هەر شوێنێک لێی قرتێنراوە، بگەڕێمەوە سەر دەقە کرمانجییەکە".

لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆمانەی جان دۆست، چاپی سێیەمی ڕۆمانی "میرنامە"ی ئەو ڕۆماننووسە کە لە وەرگێڕانی هەمان وەرگێڕە، بۆ جاری سێیەم چاپ و بڵاوکرایەوە.

جان دۆست، لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا نووسیویەتی "من لەم ڕۆمانەدا لە هێڵی گشتیی دەرچوومە کە لە ڕۆمانەکانی پێشوودا لەسەری ڕۆیشتووم. ئیدی کاراکتەری سەرەکیی کورد نییە و مێژووی کوردم نەکردووە بە باکگراوندی ڕۆمانەکەم. هەروەها پشتم بەو ڕووداوانە نەبەستووە کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوودەدەن".

جان دۆست، ساڵی 1965 لە کۆبانێی ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە، قوتابی بەشی بایۆلۆژی بووە لە زانکۆی حەلەب، بەڵام لە قۆناغی سێیەمدا جێیهێشتووە و لە ساڵی 2000ـەوە لە ئەڵمانیا دەژیت.

جان دۆست، بە شیعر دەستیپێکرد و یەکەمین دیوانی "قەڵای دمدم" ساڵی 1991 لە ئەڵمانیا و پاشان لە هەمان ساڵدا لە ئیستەنبوڵ بڵاوکردەوە. تاوەکوو ئێستا چوار ڕۆمانی بە کرمانجی نووسیون: مژاباد 2004، سێ هەنگاڤ و سێدارە 2007، میرنامە 2009 و مارتینی بەختەوەر 2012.




# "پاکیزەی شنگال" دەکرێتە کوردی

■ ئا: سیروان عەباس

ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی عەرەب وارد بەدر ئەلسالم کە باس لە کچانی کوردی ئێزدیی شنگال دەکات، دەکرێتە کوردی و لەلایەن دەزگای سەردەمەوە چاپ و بڵادەکرێتەوە.

ڕۆمانی "عەزراء سنجار" کە لە نووسینی ڕۆماننووسی عێراقی وارد بەدر ئەلسالمە، لەلایەن وەرگێڕی کورد ئەحمەد محەممەد ئیسماعیلەوە دەکرێتە کوردی.

ئازاد بەرزنجی، بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ڕۆمانی پاکیزەکەی شنگال، لە قۆناغی کۆتاییدایە و پێش سەری ساڵی 2017 چاپ و بڵاودەکرێتەوە".

ئازاد بەرزنجی گوتیشی: "ڕۆمانەکە لە نووسینی ڕۆماننووسی عەرەبی عێراقی وارد بەدر ئەلسالم-ە و لەلایەن نووسەر و وەرگێڕ ئەحمەد محەممەد ئیسماعیلەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی، چاپە کوردییەکەی 600 لاپەڕە دەبێ".

پاکیزەی شنگال ڕۆمانێکی چیرۆکخوانییە و ساڵی 2015 چاپکراوە و لە 2016 بڵاوکراوەتەوە. ناوەڕۆکەکەی باس لە نەهامەتی و بە کۆیلەکردنی کچانی کوردی ئێزدی دەکات لەلایەن چەکدارانی داعشەوە. نووسەر ڕۆمانەکەی پێشکەشی نادیە موراد کردووە کە یەکێک بوو لە کچە ئێزدییە قوربانییەکانی ئەو شاڵاوە و دواتر لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکو باڵیۆزی نیازپاکی دەستنیشان کرا.

دوای ڕۆمانەکەی سەلیم بەرەکات (سبایا سنجار)، ئەمە دووەمین ڕۆمانە کە بە زمانی عەرەبی لەبارەی کارەساتی شنگال دەنووسرێ.



# فۆنکە..

## ریسک بەناو نهێنی و جادووبازیدا



نووری بێخاڵی



### هەموو شتێک لە پێناوی منداڵ

کۆرنیلیا فۆنکە، ژنە رۆماننووس و نووسەری ئەدەبی منداڵان، ساڵی 1958 لە دۆرستن لە ئەڵمانیا لەدایکبووە. لە هامبۆرگ لەبواری پەروەردەدا، بڕوانامەی دبلۆمی وەرگرتووە. هەر لەوێ لە پەیمانگای تایبەتمەندی هونەری شێوەکاری خوێندوویەتی و بواری نەخشەسازیی تەواو کردووە. سەرەتای کاری لە دونیای منداڵاندا بە دروستکردنی نەخش و نیگاری کتێبەکانی منداڵان دەستپێکرد، دواجار بڕیار دەدا بۆ خۆی لە بواری ئەدەبی منداڵان بنووسێت. یەکەم کاری لەو بوارەدا نووسینی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بوو بە ناوی (حەفت ئەستێرە). کۆرنیلیا تا ساڵی 2005 لە هامبۆرگ دەژیا، بەڵام دوای مردنی هاوسەرەکەی، لەگەڵ منداڵەکانی رووبیان کردە ئەمریکا و لە لۆس ئەنجلس گیرسانەوە.

•••

### ئایکۆنی ئەدەبی منداڵان

فۆنکە، بەهۆی گەنجینە دەوڵەمەندەکەی لە بواری چیرۆک و رۆمانی منداڵان، لەوانە: ڕاوچیی دێوەزمەکان، مریشکی کێوی، سیانەی (مەرەکەبی دڵ، خوێنی مەرەکەب و مەرگی مەرەکەب)، لەودیو پەنجەرە سیحرییەکانەوە، دوو جادووبازی درندە، شازادە ئێزابێللا، سوارچاکی تینن، هاوڕێ قەڵەوەکان، میک و مۆ لە رۆژئاوای دڕندەدا، شای دزەکان (ئەمەیان یەکێکە لە کارە هەرە ناودارەکانی، کە ساڵی 2006 کراوەتە فیلمی سینەمایی)، سوارچاکە شاراوە بێ ناوەکە، دڕندەترین براکان لە جیهاندا، میک و مۆ لە فەزای دەرەوە، دەزووی زێڕین و... هتد) ئەمانە و چەندین کار و بەرهەمی دیکەی ئەدەبی، لە ماوەیەکی کەمدا توانی ناوبانگ لەسەرتاسەری دونیا پەیدا بکات و بەرهەمەکانی کیشوەر و زەریاکان ببڕن و ببێتە یەکێک لە دیارترین پێشەنگەکانی ئەدەبی منداڵان لە جیهاندا.

لە پای ئەو کار و بەرهەمانەی و ئەو ناوبانگەی لە ئاستی دونیادا لە بواری ئەدەبی منداڵان بۆ خۆی بەدەستی هێنا، چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە (خەڵاتی مانگای خوێنەر- 1998) و (خەڵاتی کتێبی ئینجیلی – 2002) و (خەڵاتی فانتازیا- 2004)، هەروەها لە ساڵی 2005 یەکێک لە رۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان، فۆنکەی وەک یەکێک لە سەد کاریگەرترین کەسایەتییەکانی جیهان دەستنیشان کرد.

•••

### بەجیهانیبوون و شکاندنی ریکۆرد

یەکێک لەو بەرهەمە گرنگانەی کە بووە پردی پەڕینەوەی ئەو ژنە نووسەرەی دونیای منداڵان بۆ بەجیهانیبوون، رۆمانی (شای دزەکان) بوو. رۆمانەکە ساڵی 2000 بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیا، پاشان ساڵی 2002 لە ئەمریکا چاپ و بڵاوکرایەوە و بۆ چەندین مانگ، لە ریزبەندی پڕفرۆشترین کتێبەکانی ئەو وڵاتەدا بوو. ئەم رۆمانەی بە جۆرێک ناوبانگی دەرکرد، تا گەیشتە ئەوەی وەربگێڕدرێتە سەر زیاتر لە 23 زمانی زیندووی جیهان.

رۆمانی (دڵی مەرەکەب) یەکێکی دیکەیە لەو کارانەی فۆنکە کە بەهۆیەوە توانی ئەدەبی منداڵانی ئەڵمانی لە چوارچێوەی لۆکاڵی دەربێنێ و شوناسێکی جیهانیی پێ بدات. بەتایبەتیش دوای وەرگێڕانی رۆمانەکە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. ساڵی 2003 رۆمانی (دڵی مەرەکەب)ی لە یەک کاتدا لە ئەڵمانیا و ئەمریکا و بەریتانیا و ئوسترالیا و کەنەدا چاپ و بڵاوکردەوە، یەکێک بووە لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی ئەدەبی منداڵان لەو وڵاتانەدا و ڕەواجێکی زۆری لەلای خوێنەران هەبوو.

فۆنکە لە رۆمانەکانیدا کە کەشێکی خەیاڵی و خورافی بەسەریاندا زاڵە، توانی لەباری زمانی نووسین و گێڕانەوەدا، چوارچێوەی باوی زمانی ئەدەبی منداڵ لەو سەردەمەدا، هەروەها بیرۆکە سواو و دووبارەکان تێپەڕێنێ و بەمەش سەرنجی دەزگاکانی چاپ و پەخشە جیهانییەکان بۆ خۆی ڕابکێشێ، تا ئەو ئاستەی لەسەر خاوەندارێتیکردنی مافی وەرگێڕان و چاپکردنی بەرهەمەکانی، بکەونە رکابەری و پێشبڕکێ. هەروەها لە پەیوەست بە شکاندنی ڕیکۆردی ژمارە و تیراژی چاپی بەرهەمەکانی، نەک هەر بێتە ریزی ناوی دەیان لە ئەدیبە کلاسیکییە ناسراوەکانی ئەڵمانیا، بەڵکوو ژمارە پێوانەییەکانیش لەو بوارەدا بشکێنێت. بۆ نموونە، دەزگاکانی چاپ و پەخشی زیاتر لە 45 وڵات، مافی خاوەندارێتی وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان کڕیوەتەوە. بەگوێرەی هەواڵێکی دیرشپیگل، تەنیا لە ساڵی 2005 دا، لە نێوان 1800 کتێبی منداڵان و 569 رۆمان، ڕێژەی فرۆشی کۆبەرهەمەکانی فۆنکە گەیشتە زیاتر لە 10 ملیۆن دانە. لەلایەکی دیکەوە، باری کینگهام، وەشانگەری (هاری پۆتەر) کە خاوەندارێتی وەرگێڕانی (شای دزەکان)ی بۆ زمانی ئینگلیزی کڕییەوە (ئەم کتێبە یەکەم رۆژی بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی لە ئەڵمانیا 10 هەزار دانەی لێ فرۆشرا)، بە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی گوت، پاش وەرگێڕان و چاپکردنی، لە بیست هەفتەی یەکەمی بڵاوکردنەوەیدا لە ریزبەندی پێشەوەی پڕفرۆشترینی ئەو کتێبانە بوو کە لە وڵاتانی ئینگلیزیزمان ڕەواجیان هەبووە.

چیرۆکی (ئەستێرەی لاورا) کە وەرگێڕدراوەتە سەر زیاتر لە سی زمانی دونیا و ناوبانگێکی جیهانیی پەیدا کرد یەکێکی دیکەیە لە کتێبە پڕفرۆشەکانی فۆنکە و لەلایەن وەشانخانەی (باومهاوس) لە فرانکفۆرت چاپ و بڵاوکرایەوە. خاوەنی وەشانخانەکە دەربارەی دەنگدانەوەی کتێبەکە و ڕێژەی فرۆشی لە بازاڕەکاندا، لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی دۆیچەوێلا گوتبووی: "لە ئەڵمانیا زیاتر لە پێنج ملیۆن و 500 هەزار دانە و لە هەریەک لە بەریتانیا و ئەمریکاش، زیاتر لە پێنجسەد هەزار دانەمان لێی فرۆشت.

•••

### شای دزەکان، فانتازیای خەیاڵ و واقیع

دەربارەی ڕەواجی رۆمانی (شای دزەکان)ی فۆنکە، رۆژنامەی گاردیان-ی بەریتانی نووسیبوی: "ئەو رۆمانە گەوهەر و مرواریی ئەڵمانییە و پێویستە نووسەرە ئینگلیزەکانی بواری چیرۆکی منداڵان، لە پشتییەوە خۆیان وەشێرن".

**ئەزموون و بایەخی فۆنکە بە دونیای منداڵ، وایان کرد لە نووسین لەبارەی ئەو جیهانە ئاڵۆزە کە پێویستی بە خەیاڵێکی قووڵ و زمانێکی سیحری هەیە، سەرکەوتن بەدەست بهێنێ**

(شای دزەکان) گێڕانەوەی چیرۆکی دیاردەی منداڵانی سەر شەقامە، بەتایبەتی منداڵانی بێسەرپەرشت کە هەمیشە لەبەردەم مەترسیی بەلاڕێدابردندان. منداڵانی سەرشەقام منداڵانێکن کە رەنگە زۆربەیان بەبێ ویستی خۆیان، ڕووبەڕووی ئەم قەدەرە بێکەسی و بێنەواییە بووبنەوە، بەڵام سەختیی ژیان و مەینەتییەکانی ڕۆژگار و هەلپەرستیی خەڵکانێکی ئەو دەوروبەرە، تووشیان بە تووشی چارەنووسێکی ناخۆش و نەخوازراو دەکەن.

ئەگەرچی رۆمانەکەی فۆنکە بەو ئاراستەیە قسە لەسەر ئەم دیاردەیە و دەرکەوتەکانی ناکات، بەڵکو خودی دیاردەکە و دەرهاوێشتەکانی، دەکاتە ئامرازی پەلکێشکردنی خوێنەر بۆ ناو دونیایەکی ئەفسوناویی سەرنجڕاکێش، ناو جیهانێکی پڕ جادوو و تەلیسم. جیهانێک تێیدا، خەیاڵ ڕەنگاڵەیی و سەرسامکەر.. زمانی گێڕانەوە جادووگەرانە و کەمەندکێش.. گرتە و دیمەنەکان ئەفسانەیین. جیهانێک تێیدا، نووسەر هارمۆنیایەکی سەیر لە نێوان ئەو سێ ئاستەی خەیاڵ و زمان و گێڕانەوەدا دروست دەکات. رۆمانی (شای دزەکان)، چیرۆکی دوو منداڵی ئەڵمانیی بێسەرپەرشتە لە شەقامەکانی شاری ڤینیسیای ئیتاڵیا کە دوای مردنی دایک و باوکیان و بۆ رزگاربوون لە دەستی مامەڵەی خراپی پوورێکیان، ڕوویان لەو شارە کردووە و لەوێش ئاشنای چەند منداڵێکی سەرشەقام و بێسەرپەرشت دەبن. چیرۆکەکە سەرڕێژە لە ریسککردن و سەرکێشی.. بارگاوییە بە ڕووداوگەلی خەیاڵیی ترسناک و دڵخۆشکەر.. گەمەکردنە لە نێوان واقیع و خەیاڵ.. تێکەڵەیەکە لە چیرۆکی سەرکێشی و پۆلیسی، بەڵام بە زمانێک، لە ئاستی تێگەیشتنی منداڵ و مێرمنداڵان.. بە ڕووداو و سەربووردە گەلێک، تەبا لەگەڵ حەز و ئارەزوو و خولیاکانیان، نزیک لە دونیای خەون و خۆزگەکانیان کە ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی رۆمانەکانی فۆنکەیان پێ دەناسرێتەوە، ئەویش تێکەڵکردنی واقیع و خەیاڵ، گێڕانەوە بە زمانێکی سادە و شیرین و سەرنجڕاکێش.

رۆمانی (شای دزەکان) چیرۆکێکە ڕووداوەکانی لە شاری ڤینیسیا ڕوودەدەن، کەسایەتییەکانی، منداڵانی بێسەرپەرشت و سەر شەقامەکانی شارەکەن.. ئەو منداڵانە لە ڕێکەوتێکدا بە کەسێکی سەیر ئاشنا دەبن.

ڤینیسیا کە یەکێکە لە سەمەرەترین و سەرنجڕاکێشترین شارەکانی دونیا، شوێنی ڕووداوەکانە.. (بڕۆسپەر و بۆ) کە دوو منداڵی ئەڵمانی بێسەرپەرشتن، رۆڵی سەرەکی تێیدا دەگێڕن. ئەوان بەهۆی ئەو چیرۆکە سەرنجڕاکێشانەی کە دایکیان کاتی خۆی لەبارەی ڤینیسیا بۆی گێڕابوونەوە، شارەکە دەبێتە خەونی ئایندەیان. ئیتر هەروا بوو، دوای مردنی دایک و باوکیان، بەهۆی کاریگەریی چیرۆکەکانی دایکیان لەبارەی شارەکە و هەروەها بۆ دەربازبوون لە دەستی پوورە هەراسانکەرەکەیان، شوێنی خەونی خۆیان دەکەون و ئەو شارە دەکەنە نەوا و پەناگەی ژیانی خۆیان.

زۆر نابا دوو منداڵەکە هۆگری شارەکە دەبن و لای چەند منداڵێکی دیکەی ئیتاڵی کە ئەوانیش منداڵی سەر شەقام و کۆڵانەکانن و لای سەرکردەیەکی دزانن، شوێنی حەوانەوە و مانەوەی خۆیان لە باڵاخانەی کۆنە سینەمایەکدا دابین دەکەن.. ئەوانیش هاوشێوەی منداڵەکان، ماوەیەکی زۆر ژیانێکی ئازاد و بێ کۆتوبەند لای ئەو سەرکردەیەی دزان بەسەر دەبەن. لەو نێوانەدا منداڵێک بەناوی (ڤیکتۆر) دەردەکەوێ کە سیخوڕی پوورە ڕەزا قورسەکەی ئەو دوو منداڵەیە و نیگابانی بەسەر (بڕۆسپەر و بۆ) دا دەکات. ڕۆژێکیان سەرکردەی دزەکان کە منداڵەکانی داڵدە داوە، ئەرکێکی سەیر و نهێنی بە منداڵەکان دەسپێرێت. ئیتر ڕووداوە سەیر و سەمەرەکان لەوێوە ڕێچکە دەگرن و وردە وردە نهێنی و پەرجووەکانی شاری ڤینیسیا دەردەکەون. گرنگترینیشیان، ئەو ژنە مەیگێڕەی یانەکەیە کە منداڵەکان دەیانەوێ دزیی لێ بکەن. ژنە لە دوورگەیەکی نزیکی شارەکە جادوویەکی سەیری شاردووەتەوە.. جادووەکەش ئەوەیە کە بەهۆیەوە دەتوانێ گەورەکان بکاتە منداڵ و منداڵەکانیش گەورە بکات.

•••

### نهێنیی سەرکەوتن

فۆنکە کە چ لەسەر ئاستی ئەڵمانیا، یان جیهاندا بە یەکێک لە بەناوبانگترین نووسەرانی منداڵان دادەنرێ، سەرەتا لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا، کاری نیگارکێشی بۆ کەسایەتی و ڕووداوی ناو چیرۆکەکان دەکرد، بەڵام دواجار کەڵکەڵەی ئەوە کەوتە سەریەوە کە بۆچی بۆ خۆی چیرۆک نەنووسێ؟

بۆ سەرکەوتن لە دونیای نووسینی ئەدەبی منداڵانیشدا، بە تەنیا ئەزموونی نیگارکێشییەکەی و خوێندنەوەی ئەو چیرۆکانەی کە نەخشونیگاری بۆ دەکردن، بەس نەبوو. ئەو پێویستی بەوە بوو قووڵتر بچێتە ناو دونیای منداڵ. بۆیە یەکەم هەنگاو کە هەڵیگرت، تەواوکردنی خوێندن بوو لە بواری پەروەردەی منداڵ. کە خوێندنەکەیشی تەواو کرد، بە کردەنی وەکو پەروەردەکارێک چووە ناو پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵ. بەو پێیەی لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی، بە کاری چاودێریکردنی منداڵان و گوتنەوەی وانەی پەروەردەی هونەری دەستبەکار بوو. ئیتر ئەو ئەزموونە هاوکارێکی سەرەکیی ئەو ژنە نووسەرە بوو، بۆ ئەوەی زیاتر و لە نزیکەوە، لە باری سایکۆلۆژی و خەون و خەیاڵ و زمانی ئاخاوتن و دەربڕینیاندا، ئاشنای دونیای منداڵان بێت.

ئەزموون و بایەخی بە دونیای منداڵ، وایان کرد لە نووسین لەبارەی ئەو جیهانە ئاڵۆزە کە پێویستی بە خەیاڵێکی قووڵ و زمانێکی سیحری هەیە، سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. یەکێک لە سەرکەوتنە دیارەکانیشی نووسینی (مریشکی کێوی، یان دڕندە) بوو کە تێیدا باس لە سەرکێشی و ریسککردنی چەند کچە هەرزەکارێک دەکات. کچگەلێک لەوانەی بە هارووهاجی و قۆشمەبازی و ڕۆحسووکی ناسراون، ئەو کچانەی نەک هەر ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان دەبنەوە، بەڵکو کار بۆ ئەوە دەکەن، ئاستەنگ و ئاڵنگاری بەرهەمبێنن و بیکەنە بەشێک لە کەرەستەی تاقیکردنەوەی توانا و سەرکێشییەکانی خۆیان.

ئەو رۆماننووسە ژنە کە خەیاڵ و فانتازیا بەسەر گێڕانەوەکانیدا زاڵە، لەوبارەیەوە دەڵێ: "من تا ئاستێکی زۆر بە زیندوێتی چیرۆکە خەیاڵییەکانی ناو مێژوو و ئەدەبی ڕووسی سەرسامم، بەتایبەتی کارە شیعرییەکانی پوشکین". وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا کە فۆنکە لە رۆمانەکانیدا، لە باری زمانی گێڕانەوە و دەربڕینەوە، هەروەها لە باری وێناکردنی شوێنکاتی ڕووداوەکانەوە، خەیاڵ و فانتازیا ئاوێتەی یەکتری دەکات و سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێ و دەیباتەوە ناو جیهانێکی سیحراویی پڕ لە تەلیسم و نهێنی. جیهانێک لە میانی هەر گرتە و دیمەن و گێڕانەوەیەکی ڕووداوەکانیدا، وا لە خوێنەر دەکات تاسەی دۆزینەوەی نهێنیی دیکە، سەرکێشیی دیکە، سوپرایزی دیکە بکات، بەڵام بە دیوەکەی تریشدا، بایەخێکی زۆر بە واقیع دەدات و لە میانی ئەو گەمەی خەیاڵ و فانتازیایەدا، وێنای واقیعی ژیانی ڕۆژانەش دەکات، بەو مانایەی لە ئاستێکی تردا، رۆمانەکانی تێکەڵەیەکن لە واقیع و خەیاڵ.



له دوابەشی ئەم گفتوگۆیەماندا لەگەڵ نووسەری ناوداری کورد عەلی ئەشرەف دەروێشیان کە ساڵانێک بەر لە کۆچی دوایی بۆ پرۆژەی کتێبێک لەبارەی ژیانی تۆمار کراوە و لێرەدا چەند بەشێکی بۆ یەکەمینجار بڵاودە کرێتەوە، دەروێشیان دەربارەی نووسین بە کوردی و بەرپرسیارێتی و هەڵوێستی نووسەران دەدوێت. هەر لێرەدا بە وردی باسی ئەدەبی شێرزاد حەسەن دەکات و وەک نووسەرێکی خاوەن ڕەوتێکی تایبەت و دونیابینییەکی جیاواز وەسفی دەکات. ئەو شێرزاد وەک دەنگێکی یاخی ناودەبات کە زیاتر لە چوار دەیەیە بە جەسارەتێکی زۆرەوە لە تابووەکان دەدات و موقەدەسەکانی کۆمەڵگە و نەریتەکانی دەداتە بەر ڕەخنە. تەواوی ئەم گفتوگۆیە، وا بڕیارە ساڵی ئایندە لە کتێبێکدا بڵاوبکرێتەوە.

هەڤپەیڤین: مەریوان هەڵەبجەیی

بەشی چوارەم و کۆتایی

## عەلی ئەشرەف دەروێشیان لە گفتوگۆیەکی بڵاونەکراوەدا

# من زۆر خۆشبینم بە کوردستان و ئایندەی ئەدەبیاتی کوردی

**مەریوان هەڵەبجەیی: لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانەوە و پاش چەندین ساڵ نووسین و خوێندنەوە بە زمانی فارسی و چالاکیی زۆر لە ناوەندی نووسەرانی ئێراندا، ئێستا لە دەیەی شەشەمی ژیانتدا ئارەزوویەکی زۆرت تێدا دەبینم بۆ بەدواداچوونی بەرهەمی نووسەرانی کورد. ئەم ئاوڕدانەوەیە لە زمانی دایک و ئەو نووسەرانەی بە کوردی دەنووسن بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**دەروێشیان:** لەم ساڵانەدا ئەو هۆگرییەی من بۆ ناوەندی کولتووری کوردی و زمانی کوردی زۆر زیاتر بووە لە هەمیشە و دووربەدوور زۆر بەدواداچوون دەکەم بۆ کار و بەرهەم و چالاکییەکانیان. دیارە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی زۆر هەن لەپشت ئەم بابەتەوە. لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ، کەشێکی زۆر تایبەت و نادروست لەئێراندا بەگشتی و بەتایبەتیش لە ناوچە کوردییەکان هەبوو. کتێب یان هیچ بڵاوکراوەیەک بەکوردی نەبوو. نەتدەتوانی پەیوەندی دروستبکەیت لەگەڵ نووسەران و بەتایبەتی ئەوانەی بە کوردی دەنووسن. بۆ نموونە هیچ گۆڤارێکی ئەدەبی کولتووریی کوردیم شک نەدەبرد بیکەمە سەرچاوەی فێربوونی کوردی و نزیکبوونەوەی زیاتر لە زمانی کوردی و نووسەرانی کورد. زمانی کوردی بە هەموو شێوەیەک سانسۆر و گوشارێکی زۆری لەسەربوو. چ لە سەردەمی ڕژێمی شاهەنشایی ئێراندا، چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. ئەو نووسەرانەی دەیانویست بە کوردی بنووسن و کار بکەن، ئێرانیان بەجێدەهێشت و لە کوردستانی عێراق درێژەیان بە کار و چالاکی دەدا. یان دەچوونە وڵاتانی ڕۆژئاوا. دیارە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران کەمێک باشتر بوو. لێرە و لەوێ یەک دوو گۆڤاری دووزمانەی کوردی و فارسی دەردەچوون و کاریان دەکرد و کەم تازۆر دۆخەکە گۆڕدرا و ئەو جۆرە بڵاوکراوانەش کاریگەریی باشیان هەبوو، گەرچی بەردەوام نەدەبوون و دادەخران. سرووشتییە من وەک تاکێکی کورد لەبەر ئەو هۆکارە سیاسییانەی لە وڵاتەکەمدا هەبوون، نەمتوانیوە بە کوردی بنووسم، بە زمانێکی دیکە کە زمانی دایکم نییە، بنووسم و خەمەکانی هاوزمانەکانم بینە بابەتی سەرەکیی چیرۆک و ڕۆمان و نووسینەکانم. ئەوەش گرنگە کە کورد لە پارچەکانی دیکە ئەدەبیاتێکی جددی هەیە و پێشکەوتووە و توانیویەتی زیاد لە سەد ساڵ لەمەوپێش ڕۆژنامەوانی جددی بە زمانی کوردی هەبێت. جێگای شانازییە لە کوردستاندا و لە ساڵی 1925 دا چیرۆکی مۆدێرن نووسراوە. بەردەوام لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵم داوە بزانم بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق چی دەگوزەرێت، بەتایبەتیش لەو کاتەوەی تۆم ناسیوە ئاگاداری پێشکەوتنی ئاستی کولتووریی کوردستانم و ئاسۆیەکی باش بەڕوومدا کراوەتەوە. بەردەوام گۆڤاری ڕامان و کاروان و سەردەم و ئایندە و گەلاوێژ و زۆر کتێب و بڵاوکراوەی ترت بۆ هێناوم و هەستم بە پێشکەوتنی بەرچاو و کرانەوەی باش کردووە، هەر ئەمەش کاریگەرییەکی زۆر باشی لەسەر پێشکەوتن و گەشەی ئەدەبیات لە کوردستانی ئێراندا هەبووە. دەبێت لە ئایندەدا پەیوەندی کولتووریی ئێمە و دیداری نووسەرانمان و هاتوچۆمان زۆر زیاتر بێت و ئەمەش دەتوانێت کاریگەرییەکی زۆر باشی هەبێت. من زۆر خۆشبینم بە کوردستان و ئایندەی ئەدەبیاتی کوردی. کورد خاوەنی نووسەری گەورە و بەتوانایە. چ لە کوردستانی عێراق، چ لە کوردستانی ئێران و پارچەکانی دیکەش. بەهەمان شێوە کوردی تاراوگە و ئەوانەی ساڵانێکە لە ڕۆژئاوا دەژین .

**مەریوان هەڵەبجەیی: چەند ساڵێکە لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوە ئێرانییەکاندا زۆر ستایشی ئەدەبیاتی کوردی دەکەیت و وەک ئەدەبیاتێکی مەزن و جیهانی ناوی دەبەیت و هیوای گەورەت پێی هەیە، بەتایبەتی بەرهەمەکانی هەردوو نووسەر شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی. ئەم هەموو سەرسامی و ستایشەی تۆ بۆ ئەدەبیاتی کوردی بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

**دەروێشیان:** ئەدەبیات و پرسی کولتوور بەشێوەیەکی گشتی تەنیا لە ئازادییەکی تەواو ڕەهادا دەتوانێت بە باشی گەشە بکات و پێشبکەوێت. گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو خەباتی کردووە و تێکۆشاوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی و هەوڵی داوە بۆ گەیشتن بەو ئازادییە. ڕێگایەکی زۆری پڕ لە زەحمەتی بڕیوە و دژواریی زۆر هاتووەتە سەر ڕێگای و دەشبێت بەردەوام بێت بۆ بەدەستهێنانی تەواوی مافەکانی. کوردستانی عێراق قوربانیی زۆری داوە. هەر لە ئەنفال و کیمیاباران و کارەساتی هەڵەبجەوە تا وێرانبوونی هەزاران گوند. ئەوەی لە پاش ڕاپەڕینی 1991 بەدەستیهێناوە مافی خۆیەتی و دەتوانێت ئایندەکی باشتر و درەوشاوە بۆخۆی دروست بکات و ببێتە سەرمەشقێک بۆ بەشەکانی تری کوردستان. پێموایە بەشی هەرەزۆری هۆکاری ئەوەی کە ئەدەبیاتی کورد، قورسایی گەورەی لە کوردستانی عێراقدایە، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی پڕ لە خەبات و قوربانیدانی و شەڕی ئەندێشە و کولتوور بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان و لەم ڕێگایەشدا زۆر سەرکەوتوو بوون و دەتوانن لە ئایندەدا هەنگاوی گەورە بنێن بۆ گەشەی زیاتر و بەجیهانیبوونی ئەدەبیاتی کوردی. ئەگەر ئەدەبیاتی کوردی لە بیست ساڵی ڕابردوودا بە شیعر و لە ڕێگای شاعیرانێکی وەک شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵڵا پەشێوەوە توانیویەتی سنوورەکانی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببڕێت و لە ڕۆژئاوادا بناسرێت و وەک ئەدەبیاتێکی پێشکەوتووی مەزن سەیری بکرێت، ئەوە ئێستا ئەدەبیاتی داستانی کوردی (چیرۆک و ڕۆمان) بەرەو بەجیهانیبوون دەڕوات، بەتایبەتی لە ڕێگای دوو نووسەری گەورە و نەریتشکێنی وەک شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلییەوە. بەداخەوە زۆر جێگای گلەییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری کاریان بۆ وەرگێڕان بۆ زمانی ئەویدی و ناساندنی ئەدەبیاتی کوردی نەکردووە. هیچ هەوڵێکی جددی و پڕۆژەیی نەبووە بۆ وەرگێڕانی ئەدەبیاتی کوردی بۆ زمانە بیانییەکان. زۆربەی هەوڵەکان تاکەکەسی و پچڕ پچڕ و کورتن. من دڵنیام ڕۆمانی (حەسار و سەگەکانی باوکم) و کۆمەڵە چیرۆکی (گەڕەکی داهۆڵەکان) و ئەو چەند چیرۆک و نۆڤلێتەی تری شێرزاد حەسەن کە تۆ کردووتن بە فارسی، لەگەڵ دواهەمین هەناری دنیا و ئێوارەی پەروانە و شاری مۆسیقارە سپییەکان و بەرهەمەکانی تری بەختیار عەلی، وەربگێڕدرێن بۆ هەر زمانێکی بیانی، پێشوازییان لێ دەکرێت



### وەزارەتی ڕۆشنبیری هیچ کارێکی نەکردووە بۆ ناساندنی ئەدەبیاتی کوردی بە دنیای دەرەوە

و سەرنجی خوێنەران و ڕەخنەگرانی بیانی بۆ ئەدەبیاتی کوردی ڕادەکێشن. بێگومان دەبێت سەرەتا بە پڕۆژە و بە پشتیوانیی باشی ئابووری، بە ڕێگایەکی دروست و بە قەڵەمی وەرگێڕی بەتوانا و وەرگێڕی زۆر باش بەرهەمی نووسەران وەربگێڕدرێت بۆ زمانە جیهانییەکان. تا وەرگێڕان نەبێتە پڕۆژەی بونیادی حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئەدەبیاتی کوردی ناتوانێت بەپێی پێویست بناسرێت و ڕووی ڕاستەقینەی ئەدەبیاتی کوردی نیشانی دونیا بدرێت.

**مەریوان هەڵەبجەیی: نەتگوت گرنگیی ئەدەبیاتی بەختیار و شێرزاد لەچیدایە و بۆ پێتوایە دەتوانن بەجیهانی ببن و تایبەتمەندییەکانیان چییە؟**

**دەروێشیان:** شێرزاد حەسەن نەک هەر نووسەرێکی گەورەیە، بەڵکو ڕۆشنبیرێکی گەورەشە. خەباتی بەردەوامی بۆ مافی ژنان و چالاکییەکانی لە بواری پەروەردەدا ئەوە دەسەلمێنێت. بە پڕۆژە کار دەکات و ئەندێشەی قووڵی هەیە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنگەر و زیندوو. باش دەزانێت سیستەمی پەروەردە و ناوەندی خێزان تەنیا پەروەردەی ئازاد و ڕۆشنگەر دەتوانێت وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی بێت. چەند ساڵێک لەمەوپێش دوو وتاری شێرزاد حەسەنت وەرگێڕا بۆ فارسی (شەرەف لە نێوان خێڵ و حیزبدا- وەڵامێکی تازە بۆ پرسیارێکی کۆن- 1998) لەبەر سانسۆر هیچ بڵاوکراوەیەک ئامادە نەبوو بڵاوی بکاتەوە. گۆڤاری فصل زنان (وەرزی ژنان، گۆڤارێکی فیمینیستی) وتاری شەرەف لەنێوان خێڵ و حیزبدای بڵاوکردەوە و دواتر حکومەت دایخست. لەوکاتەوە هەستم بەوە کرد دونیابینی و ڕوانینێکی قووڵی هەیە و نووسەرێکە خاوەن بەرپرسیارێتی. ڕەخنەگرە بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەی و دەسەڵاتی ڕەهای ئاین و باوکسالاری. ڕەخنەی جددی حەسار و سەگەکانی باوکم لە ئاین و کۆمەڵگە و دەسەڵاتی ڕەهای حیزب و حکومەت، ڕەخنەیەکی بونیادی و کاریگەرە. باوکی ناو حەسار، باوکی ئاینی و ئیستیبدادی نادادپەروەری دەسەڵاتی سیاسییە. ڕەخنەی توندی ئەم ڕۆمانە لە باوک سمبولێکە و گشتگیرە بەرامبەر هەموو دەسەڵاتێکی ڕەها. لە وتاری (وەڵامێکی تازە بۆ پرسیارێکی کۆن) لە کۆنگرەی نووسەرانی جیهانیدا (1997 فینلاند) ڕەخنە لە دابونەریت و عورفی کۆمەڵگەیەکی داخراو و دواکەوتوو لەژێر سایەی دەسەڵاتی دینیدا دەگرێت. هەمان پڕۆژە لە حەساردا بە شێوازێکی هونەرییانە و بە کارەکتەرسازییەکی زۆر بەهێز کاری لەسەر دەکات و شاکارێکی ئەدەبی دەخولقێنێت. حەسار ڕۆمانێکی بەتەواوی مانا تابووشکێنە و لەسەر چەند ئاستێک کاری کردووە. دەمەوێت لە ئایندەدا ڕەخنەیەکی ورد دەربارەی ئەم ڕۆمانە بنووسم. دیارە ڕەخنەگرانی گەورەی ئێران زۆریان لەبارەوە نووسی و ستایشی زۆریان کرد. سەرەڕای ئەو سانسۆرە زۆرەشی کرابوو. چیرۆکی ئیزرائیل و کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان و نۆڤلێتی کودەتای کەروێشکەکان لە جوانترین چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنن و پێویستیان بە ڕەخنە و ڕامان و نووسینی زۆر هەیە. دیارە بەگشتی هەموو چیرۆکەکانی کتێبی "گەڕەکی داهۆڵەکان"م زۆر بەلاوە پەسەند و سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوون . خودی چیرۆکی گەڕەکی داهۆڵەکان، زۆر بەوردی کاری لەسەر ژیانی ئەو منداڵ و مێرمنداڵانە کردووە کە لە دۆخێکی نالەبار و نابەرابەردا دەژین و ڕووبەڕووی چ ستەمێک دەبنەوە. دیارە ئەم چیرۆکە وەک زۆربەی چیرۆکەکانی تری، زۆر وردەکاریی ڕەمزی و نیشانەی تێدایە و دەکرێت خوێندنەوەی سیمۆلۆژی و تەنانەت کۆمەڵناسی و دەروونناسییان بۆ بکرێت. کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان ڕەخنەیەکی بونیادی و جدییە بەرامبەر بە ئاین و پەروەردەیەکی نادروست. ئیزرائیل کارکردنێکی تایبەتە لەسەر دەسەڵاتی ستەمکاری و ئەو باوکە وەک زۆر بەرهەمی تری باوکێکی ڕەمزییە و لەڕێگای ئەوەوە لە هەموو موقەدەسەکان دەدات. کودەتای کەروێشکەکان نیشانە و ڕەفتار و زەمینەی دروستبوون و لەناوچوونی دیکتاتۆر و دامودەزگاکانیان دەخاتەڕوو. شێرزاد حەسەن ئەزموونی ژیانی و ڕاستگۆبوون و جەسارەت و سەرکەشی، بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە مرۆڤ و بەتایبەت کۆمەڵگەکەی وای کردووە نووسەرێکی سەرکەوتوو بێت و بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و وردبوونەوە لە کۆمەڵگەی کوردی و کێشەکانی بیخوێنیتەوە و قسەی لەسەر بکەیت. زۆر باش کار لەسەر ئاگایی و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و ئاست و ڕوانینی تاکەکانی و قەیرانەکانی دەکات. لە هەموو ئەو جەمسەرە گەورانەی داوە کە دەتوانن هۆکاری دواکەوتوویی کۆمەڵگە و کێشەکانی بن. لە ئاینەوە بۆ نەریت و پیاوسالاری و پرسی ژنان و هەژاریی کۆمەڵگە و نابەرابەرییەکان. ئەمانە وایان کردووە بڵێم شێرزاد حەسەن ئەدەبیاتێکی گەورەی هەیە و لە نموونەی ئەو نووسەرانەیە کە بۆ من جێگای ڕێز و ستایشێکی زۆرە. لەو نووسەرانەیە کە بەداخەوە لەم ڕۆژگارە و لەم ناوچەیەی ئێمەدا نموونەیان زۆر کەمە. هەوڵ دەدەم لە ئایندەدا بە پڕۆژە و بە وردی دەربارەی بەرهەمەکانی بنووسم. بەداخەوە بەهۆی سانسۆرەوە لە ئێراندا تەنیا حەسار چاپ کرا و ئەویش دواتر قەدەغەکرا و کۆکرایەوە. هیوادارم ڕۆژێک بێت بتوانی هەموو بەرهەمەکانی بە فارسی بڵاوبکەیتەوە.

### شێرزاد حەسەن نەک هەر نووسەرێکی گەورەیە، بەڵکو ڕۆشنبیرێکی گەورەشە

هێرۆ کوردە



# ئیرۆتیک لە ئەدەبدا

دەکرێت بەو وتەیە بچینە باسەکەوە کە دەڵێت: "بێ ئەڤین و مەرگ، بەشێکی زۆر لە ئەدەبیات نەدەبوو"، واتا مەرگ و باسوخواسی ئەڤینداری بەشێکی گەورەی دونیای ئەدەب و نووسین و داهێنان داگیر دەکەن. وەک سیانەی حەرامی سێکس و ئاین و سیاسەت، ئیرۆتیزم کە روخساری دووەمی ئەڤینە و لەگەڵ ئەڤین دووانەی روحین، بەشی گرنگ و زۆری ئەدەبیاتە، ئیرۆتیک یان حەزی سێکسی بەشێکی گرنگی پێویستییەکانی مرۆڤ پێکدەهێنێت و زۆرێک لە زانایان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە خاڵی گرنگی ژیان و هەوڵدانەکانی تاکە، وەک زانای گەورەی بواری دەروونشیکاری سیگمۆند فرۆید دەڵێت: "سێکس لایەنێکی دیاری نەست پێکدەهێنێت و پاڵنەرێکی گرنگە بۆ داهێنان" (1). بۆیە دەبینین ئەدەبی هیچکام لە کولتوور و وڵاتان بەدەر نییە لە ئیرۆتیک و حەزی سێکسی و رەنگدانەوەی لە دەقە ئەدەبی و ئاینییەکانیشدا، لە بواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبیشدا بایەخی پێدراوە و لەم رووەوە دەگوترێت، لایەنێکی رەخنەی ئەدەبی ئەمریکی جەخت لەسەر سێکس دەکات و بە هێزێکی ئاراستەکەری ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر دەزانرێت (2).

بێگومان ئەدەب رەنگدانەوەی بیر و هزر و ئەزموونی ژیان و هەست و دەرهەستی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانە و ئاسایی و گرنگیشە کە سێکس و ئەزموونی ئەڤینداری و سێکسبازی لە دەقە ئەدەبییەکاندا و تەنانەت لە هونەریشدا رەنگبداتەوە.

بۆیە دەبینین فرۆید لە گرێی ئۆدیب و ئەلێکترادا سێکسی بە خاڵێکی گرنگ زانیوە و سەری گرێکوێرەکان سێکس بوون. ئیرۆتیزم رۆحی تەڕی ئەدەبیاتە، دەیەوێ شتەکان وەک خۆی نەمێننەوە و بیانشکێنێت و دروستیان بکاتەوە، فۆرمی تازە بەشتە کۆنەکان بدات لەپێناوی جوانتر نیشاندانی، کاری ئیرۆتیک نیشاندانی شاراوەکان نییە، بەڵکو شاردنەوەی بەشێک لە دیار و نیشاندانی بەشێک لە شاراوەکانە لە چوارچێوەیەکی ستاتیکیی سێکسی و چێژبەخشدا، چونکە کاری ئیرۆتیک وروووژاندنی جەستەیی نییە بەڵکو وروووژاندنی ئەدەبییە، لەبەر ئەوە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ جەستەدا نابێت، ئەو ئەدەبەی جەستە دەبزوێنێ و وروووژان و دواتر چێژی جەستەیی دروست دەکات، ئیرۆتیزم نییە بەڵکو (هیدۆنیزم)ـە*، (گەر کێشە ئاساییەکانی هونەرمەند هەر لە هەواوهەوەس و ئاڵۆشی ناوگەڵییەوە بگرە هەتا برسێتی و چی و چی، ئەگەر لە نووسینەکانی نووسەردا رەنگیدایەوە، ئەوە نووسینەکە عەیبدار دەکات) (3).

دەقەکەش دەبێتە دەقێکی چێژبەخش بە جەستە نەک چێژبەخشی ئەدەبی، ئەمەش لە یاسا و رێسای ئەدەبیاتی ئیرۆتیک بەدەرە و دەچێتە چوارچێوەی پۆرنۆگرافییەوە کە ئەدەبێکە (زیاتر ویست و حەزی جەستە و وەحشەتگەری لە سێکسدا و بێ پەردەیی و هەوڵدانی بەردەوامی تاک بۆ سەرنجراکێشانی جەستەی بەرامبەر و گەیشتن بە چێژی رووت نیشان دەدات، هاوکات بە حەزی ئاژەڵی ناودەبرێت کە مەبەستی سەرەکیی جەستەیە نەک هەست و سۆز) (4).

ئەمە لەگەڵ هیدۆنیزمدا یەکدەگرێتەوە، چونکە هیدۆنیزم باسی ئەو شتە دونیاییانە دەکات کە مانەوە و چێژیان کاتییە. بەڵام چێژی ئەدەب دەبێت مێژوو ببەزێنێ و خۆی بە کاتەوە گرێ نەدات و دەقێکی نەمر بێت و تۆوی هەمیشە ژیان لەگەڵ خۆی هەڵگرێ.

لە هیدۆنیزمدا خەڵکی باوەڕیان وایە هەر شتێک ببێتە مایەی چێژوەرگرتنی مرۆڤ ئەوە شتێکی باشە.

گەر دەقێک ئیرۆتیکیانە نووسرابوو، ئیرۆتیکێکی جوان، ئەوە دەتوانێت نەمر بێت و چێژێکی ماوە درێژ ببەخشێت، بەڵام گەر بێ پەردە نووسرا، ئەوە جگە لە دەمی خوێندنەوە ناتوانێت لەکاتی دیکەدا چێژ ببەخشێت و کاریگەری لەسەر زەینی وەرگر جێبهێڵێت

کەسانێک بەمەبەستی جودا شتی نائیرۆتیک دەخەنە ناو ئیرۆتیکەوە، بۆ نموونە فیلمە سێکسییەکان دەخەنە ناو ئیرۆتیک لە کاتێکدا سێکس ئیرۆتیک نییە، چونکە هەمیشە سێکس جوانی نییە، زۆربەی کات دوورە لە هەموو جوانییەکەوە وەک لە پێشتر باسکرا، دەبینین لاقەکردن سێکسە، بەڵام ئیرۆتیک نییە، بەڵکو کـــردەیەکی دڕندانەیە، سێکسفرۆشیش سێکسە، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی ئیرۆتیکاوە، چونکە تێکەڵاوبوونی جەستەکان بێ ئەڤین و وشکوبرینگە.

"ئیرۆتیزم واتـــــا هاتوچۆی هونەرمەندانەی هەست کە هەندێ جار لە وێنەیەکدا بەدیار دەکەوێت و گاوەخت لە قسەی نێوان دوو کەسدا رەنگدەداتەوە" (5)، ئەم حەزە لای خودی نووسەریش رەنگدەداتەوە، مەرج نییە هەمیشە ئەو ئەڤینەی نووسەر باسی دەکات ئەڤینێکی بەرجەستەکراو بێت، زۆر جار فانتازیکە، واتا نووسەر لە هزری خۆیدا پەیوەندییەک دادەتاشێت و هونەرمەندانە تێکەڵی ئەدەبیاتی دەکات، مەرج نییە هەمیشە بەرهەمی ئیرۆتیکی یان سێکسی بەرهەمی جوان بن، زۆرجار لەو بەرهەمە زۆر ئیرۆتیکیانەدا توندوتیژی و باسکردنی سێکس لەگەڵ کچ و کوڕی منداڵیش هاتووە.

هەڵاواردنی جنسی کە بەشێوەیەکی بەرچاو لە زمان و ئەدەبیاتدا رەنگدەداتەوە، ئەگەر چاو لە هەڵاواردنی جنسی بکەین، دەبینین لە ئەدەبی زۆربەی گەلاندا بەشێوەیەکی بەرچاو هەبووە. چ ئەدەبی نووسراو و چ ئەدەبی زارەکی. مێژووی ئەم هەڵاواردنە مێژووی بندەستکردنی ژنان و بە چاوی بەرزتر لە پیاوان روانینە، رەنگە لەبەرئەوە بێت کە بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی نووسراوی کلاسیک بەرهەمی پیاوانە و لە راستیدا ژنان بۆیان نەلواوە تواناکانی خۆیان لەم بوارەدا نیشان بدەن. (6)

بەڵام دواجار زۆرن ئەو بەرهەمانەی کە ئیرۆتیکن و ئینسانی و ئەڤینداریشن و خوێنەر لەڕووی هزرییەوە کەمەندکێش دەکەن. دەکرێ بەسانایی چەندین رەهەندی پەیوەندی لە نێوان عەشق و ئەدەبیاتدا بدۆزینەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمە پێگەی ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا بەردەوام لەمەترسیدایە (7)، چونکە ئیرۆتیزم نەیتوانیوە وەک رێبازێکی ئەدەبی خۆی بناسێنێ، مێژووەکەی لەگەڵ مێژووی ئەدەبدایە، بەڵام بەپێی قۆناغ گەشەی کردووە و لاواز بووە، چونکە زۆرجار و لەکاتی باڵادەستبوونی دەسەڵاتی ئایینیدا، ئیرۆتیزم قەدەغە کراوە و لەگەڵ پۆرنۆگرافیدا بەیەک چاو تەماشا کراون، ئەمەش نەبووەتە هۆی نەنووسینی بەرهەمی ئیرۆتیکی، بەڵام بە ئاشکرا نەبووە و ئەمەش مایەی سستبوونی بووە نەک مردنی.

ئیرۆتیزم دواجار وەک دیوی درەوشاوەی ئەدەبیات دەمێنێتەوە و تەواوی رێگەکان بەرەو خۆی کێش دەکات. ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا هەرگیز نیاز نییە، بەدوای سەرگرتنی کامڵبوونی جنسییەوە نییە، بەڵکو مەیلێکی بەردەوامە و ئاوێتەیە بە فانتازیا، تەنیا رێسای ئەخلاقییە دەتوانێت ئیرۆتیک رزگار بکات (8). چونگە ئیرۆتیک بێ پەردەیی قبوڵ ناکات و خۆی بە کردەی بازرگانیکردنەوە نابەستێتەوە، بەڵگو ئارەزووی جوانتر نیشاندانی جوانییەکان دەکات و هیچ کات ئەوە قبووڵ ناکات بە ناشرینی دەربکەوێ.

**پەراوێزەکان**

* هیدۆنیزم: جۆرێکە لە فەلسەفە، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بگوترێت بریتییە لەو بیرەی کە بڕوای وایە چێژ باشترینی باشەکانە، بریتییە لە هەوڵدان بەشێوەیەکی جدی بۆ بەدەستخستنی زۆرترین چێژ.

یان دەکرێت بەشێوەیەکی تر پێناسەی بکەین و بڵێین: هەرچییەک چێژ دروست بکات ئەوە راست و رەوانە، کە بەواتای چێژخوازییە. هەروەها ئەو شتانەی کە دەبنە مایەی رەواندنەوەی ئازار بە باشە هەژمار دەکرێن.

1. د. هاوژین سڵێوە و د.دەریا حەوێزی، ئیرۆتیک لە شیعری حەمامی شێرکۆ بێکەسدا، لا 18
2. هەمان سەرچاوە
3. محەممەد رستگار، ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا، گۆڤاری وێران، ژ 6، ل 5
4. امال عواد رضوان، ملف عن الادب الايروتيكي، موقع المثقف، 2010
5. محەممەد رستگار، ئیرۆتیزم لە ئەدەبیاتدا، گ. وێران.
6. مستەفا زاهیدی، سێکسیسم لە ئەدەبدا، ماڵپەری ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، 2015
7. رەزا عەلی پور، ئیرۆتیکا وەک درز، گۆڤاری وێران، ژ 10، لا 13
8. هەمان سەرچاوە لا 15



# پاییز چوو بەبێ

فرووزان بابایی نژاد

دڵی تۆ زەریا بوو
من مەلەم نەئەزانی
من خوێندبوومەوە پەنجەرە لە شیعری کورێکا کێشی هاتووە و
هاکا بگەیەتە خوا
خوێندبوومەوە دیوارەکان وەستابوون بۆ ئەوەی ئەو پاڵیان پێوە دات
یا گوڵەکان ترسیان لێ هاتبوو بەر لەوان بمرێ
خوێندبوومەوە کچێک لە ڕێگە شارۆی ئەکرد و
رێگە عاشقی بووبوو و
رێگە خواستبووی و
شیعری ئاوس بوو لە ڕێگە
بیستبووم چۆلەکە جریوەی کردبوو بە بێدەنگی
بینیبووم فرمێسک لە ژێر بارانا ون ئەبێت و
کچێک چاوی دڵدارەکەی لەبیر چووەتەوە
ئەو چاوە خەم ڕەنگانە
ئەو چاوە تەلیسماوییانە
بریا چاوت ئاوی ئەبوو بمنووسیایە خنکام لە چاوە زەریاییەکانتا
یان سەوز بوایێ ئەمنووسی لە جەنگەڵی چاوەکانتا وێڵ و ونم
یا قاوەیی بموتایە کوێستانی چاوت کوردستانێکە دووووووور
گەمژە مەبە
ڕێگە چاوی هەموو ڕەنگێکە و نە من ئەکوژێ نە خۆی
نە من ونم نە ئەو
وەک زریانێک لەبیری چووبێ ڕەساڵەتی کوشتنە
وەک خۆکوژێک تامەزرۆی ژیان بێت و
وەک ژیانێک مەرگ دڵی دزیبێ
منیش
بە نەبوونت دەستنوێژ ئەگرم
نوێژێ ڕوو بە پەنجەرە ئەخوێنم و
شێعرێکی مەحوی ئەبێتە قنووتی دەمەوبەیانم
چاوەکانی تۆ
ئاخ لە چاوەکانی تۆ کە لە بیرم چووەتەوە
ڕزگارم ناکەی لەم موئمینبوونە؟
لەم خەونە هەڵانە؟
لە خەونمدا
خۆمم گرتبووە ئامێز
شێعرم ئەکرد بە قەد پرچە درێژەکانی خۆما
لە خەونا زۆر کچ بووم !
با بە دەم قژمەوە ئەچوو و بۆنی مێخەک لە سوخمەکەم ئەڕژا
پوولەکەی کراسەکەم ئەچەقی بە دەسما و پێئەکەنیم
لە خەونا زۆر کورد بووم!
ڕێگەم نەئەناسی و ناوچاوم تاڵ کردبوو لە بزەکانی
خۆمم نەئەناسی و
ئەویش!
بەڵێنم دا بەجێی نەهێڵم
من نەبووم
دەنگی باران گوێی زرنگاندمەوە!
دەنگی دایکم ئەبیست:
_ئەوە دووبارە پاییز دەوری لێ داین
کام پاییزت لەبیرە منی تیابووبێ و
تۆیش؟

کام منت لەبیرە لە ژێر بارانا ڕایکردبێ و ڕایکردبێ و
هەم دیسان ڕایکردبێ و ...
نەگەیشتنم ببوورە!

من کە هەموو سەعاتێکم تێری لە چوون نەئەخوارد و
هەموو نانێکم زوو تەواوبوونی خۆی ئەجاوی و
هەموو شەوێکم ئەترنجایە ناو چەند وشە و
تەنیا تۆ بووی فیعلەکانت دێر ڕوویدا
دێرە بۆ کات و کاتیە دێر بێت و بڕۆین
کاتیە ببینە دارێک و لە گەڵ پاییز بڕژێین
وەختیە ئێمە هەڵوەرین و خەڵکینە بڵێن
عاااا

ئای گەمژە
تۆ چی ئەزانی پاییز لە دوای کێ بووەتە پاییز
وا پێناوی پڕە لە هەڵوەرین و مەرگ
تەلیسمی دووریی هەموو کەسێک بە دەنگی خۆیان نەبێ
ناشکێ
وەرە بانگم کە!